# بەری خۆر بەبێژینگی فایلچی و گەندەڵکاران ناگیرێت!!

## وەڵامێك بۆ سەعدی ئەحمەد پیرە

**زاهیر عەلی فەقێ**
z_ali1991@yahoo.com

لە ژمارە ( 254) ی هەفتەنامەی (میدیا)دا هەڤپەیڤینێکی سەعدی ئەحمەد پیرە ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەمیانەی هەڵسەنگاندنی لەشکرکێشی و شاڵاوەکانی ئەم دواییەی رژێمی تورکیا و بڕیاری داخستنی دامودەزگاکانی سەر بە( پ ك ك ) بەڕفوکینێکی زۆرەوە و تەواو فریودەرانە هێرشکی زۆری کردۆتە سەر ( پ ك ك ) و بەڕێز ئۆجەلان. هەروەها لەمیانەی هەڵسەنگاندنەکانی بۆ خۆپیشاندان و راپەڕینەکانی ئەم دواییەی جەماوەرو کۆچکردنی بەکۆمەڵی لاوان زۆر چەواشەکارانە هێرشی کردۆتە سەر جەماوەری راپەڕیو و بە" ئاژاوەگێڕ " یان لەقەڵەم دەدات و هۆکارەکەیشی بۆ ئەو کوتلەبازییە دەگەڕێنێتەوە کە لەناو ( ی ن ك ) دا هەیە.

لەراستیدا ئەو چاوپێکەوتنەی (پیرە) زۆر هەڵدەگرێت قسەی لەسەر بکرێت. چونکە ئەم لێدوان و شیکردنەوانەی بەڕێزی لوتکەی ئەو نەهامەتیە نیشان دەدات کە ئەمڕۆ  چۆن بەدەست کۆمەڵە مەسئولێکی نامەسئول دووچاری هاتووە. بەڵام من لەلایەن خۆمەوە دەمەوێت لەسەر تەوەرەی یەکەمی لێدوانەکانی سەعدی ئەحمەد پیرە قسە بکەم کە دەرهەق بە تورکیا و ( پ ك ك ) و ئۆجەلان کردوونی. تەوەرەکانی تر بۆ خەڵکی تر بەجێدەهێڵم کە چۆن باس لە خۆپیشاندانی جەماوەری ئەم دواییە و کۆچی بەکۆمەڵی لاوان دەکات.

بەراستی ئەگەر یەکێك بیەوێت لێدوان و هەڵسەنگاندنی کەسێك، جا چ سیاسەتمەدار بێت یان لەهەر بوارێکی دیکەدا کاربکات هەڵسەنگێنێت و بەوردی لێی تێبگات، زۆر گرنگە کەسێتی ئەو کەسەو باکگراوەند و پێشینەی ژیانی ئەو کەسە بناسێت، بۆیە بەپێویستی دەزانم چەند خاڵێك بەکورتی لەسەر باکگراوەندی هەڵوێست و ژیانی سەعدی ئەحمەد پیرە بخەمەروو تاکو باشتر لەمەغزای وتەکانی کاك (پیرە) تێبگەین. سەعدی ئەحمەد پیرە وەك سیاسەتمەدارێکی پایەبەرزی ناو یەکێتی لەلایەن خەڵکەوە بەچەند شتێك دەناسرێت، بەوەی کەسالانێکی زۆر لە ئەوروپا خەباتی ( شۆڕشگێری !!!!)کردووە و لەدوای راپەڕینەوە لەکوردستان گیرساوەتەوە، دوای ئاشکرابوونی فایلی سیاسەتمەدارانی کورد لەپەیوەندیان بەڕژێمی بەعسی گۆڕبەگۆڕەوە ئەو بەڕێزەش یەکێك بووە لەوانەی بە بەڵگە کەلە هەفتەنامەی (هاوڵاتی) بڵاوکرایەوە، فایلی هەبووە و فایلچییەکی تۆخ بووە. هەروەها لەنێو کوتلەو دەستەگەرییەکانی ناو یەکێتی نیشتمانی دا سەعدی ئەحمەد پیرە و بەهرۆز گەلالی بەدوو کەسی هەرە هەوادارو دۆستی تورکیا دەناسرێن. تەنانەت ئەم دوو بەڕێزە رۆڵێکی گرنگیان لە لەخشتەبردنی یەکێتی نیشتمانی دا هەبووە لەداڕشتنی پلانی کردنەوەی دەروازەیەکی گومرکی تورکیا _ هەرێمی کوردستان  کە بە دەروازەی ( شەمزینان - خواکورك ) ناسراوە، کە لەساڵی 1996 دا وەك رێکەوتنێك لەنێوان دەسەڵاتدارانی تورکیا و سەرانی ( ی ن ك ) بەشاراوەیی و نهێنی ئیمزا کرا. تەنانەت ئەو بەڕێزە رۆڵێکی گرنگی هەبووە لەوەی ( ی ن ك ) لەساڵی 2000دا بڕیاری شەڕی دژی ( پ ك ك ) بدات، کەلەئاکامدا هەم پلانی کردنەوەی دەروازە نوێکەی ( شەمزینان – خواکورك ) سەری نەگرت و شکستی هێنا، هەم شەڕە داسەپێنراوەکەی ( ی ن ك )  بەسەر ( پ ك ك ) دۆڕانێکی سیاسی و عەسکەری مەزنی بۆ ( ی ن ك ) تۆمار کرد. لەلایەکی دیکەوە هەر ئەو بەڕێزە پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ دەزگای (Öyak) دا هەیە، ئەم دەزگایە ( واتە دەزگای هاوکاری و گەشەپێدانی سووپا ــ Öyak) دووەم و گەورەترین دەزگای ئابووری تورکیایە و سەر بەسووپایەکەیەتی و لەژێرچەتری ئەم دەزگایەدا بەدەیان و سەدان کۆمپانیای بیناسازی و ئاوەدانکردنەوە و بازرگانی و پیشەسازی کار لەناوەوە و دەرەوەی تورکیا دەکەن. ئێستا زۆربەی ئەو کۆمپانیایانە هاتوونەتە هەرێمی کوردستان و بەفەرمی کاری بیناسازی و بازرگانی دەکەن!! چەندین بەرپرس و سیاسەتمەداری گورد لەهەرێمی کوردستان بەحوکمی پەیوەندی دۆستانە و بەرژەوەندیخوازانەی خۆیانەوە ئاسانکارییەکی زۆر بۆ ئیش و کارەکانی ئەو کۆمپانیایانە دەکەن. سەعدی ئەحمەد پیرەش یەکێکە لەو بەرپرس و سیاسەتمەدارانەی کە پەیوەندییەکی تۆکمەی لەگەڵ خودی ئەو دەزگایەو کۆمپانیاکانیدا هەیە.

بێگومان بۆیە ئەو چەند خاڵەم روونکردەوە تا بەجوانی لەڕاستی ئەو لێدوانانەی سەعدی ئەحمەد پیرە دەرهەق بە ( پ ك ك ) و ئۆجەلان تێبگەین و کەین و بەینە شاراوەکانی پشت ئەو هێرشانەی (پیرە) بۆ سەر (پ ك ك)و ئۆجەلان بزانین.

بێگومان کاك (پیرە) یەکێکە لەو کەسانەی کە زۆر سوودمەند بووە لەو تێکەڵییە سیاسی و ئابووریانەی تورکیا کە لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا کردوویەتی. بۆیە بەلایەوە گرنگ نییە گەلی کوردستان لەباکووری کوردستان و بزوتنەوە ئازادیخوازەکەی بە پێشەنگی ( پ ك ك ) لەمیانەی ئەو لەشکرکێشییەی تورکیا بۆ سەر سنورەکانی هەرێمی کوردستان چارەنوسیان چیدەبێت و چییان بەسەر دێت، گرنگ بەرژەوەندییە شەخسییەکانی پیرە و دەیان بەرپرس و سیاسەتمەداری وەکو ئەوە. بۆیە کاتێك دەبینێت لەشکرکێشییەکە زیان بەتێکەو لێکە سیاسی و ئابوورییەکەی ئەویش دەگەیەنێت هاواری لێهەڵدەستێ و چی بەدەمدا دێت دەیڵێت و بەمەنتیقی (شەلم کوێرم ناپارێزم ) هێرش دەکاتە سەر ( پ ك ك ) و ئۆجەلان و  پێی وایە ( پ ك ك ) ئەمری شەڕ لە ئۆجەلان وەردەگرێت و ئۆجەلانیش ئەمر لەجەنراڵەکانی تورکیاوە وەردەگرێت و شەڕ و ئاژاوە لەسەر سنوورەکانی هەرێمی کوردستان هەڵدەگیرسێ، هەرلەم روانگەیەوە ئامۆژگاری تورکیا دەکات کەلەو لەشکرکێشییەدا " تورکیا خۆی زەرەر دەکات، مەبەستم زیانی سەربازی نییە ). چونکە (پیرە)ش دەزانێت کە ( تورکیا یەکێکە لەسوودبەرەکانی ئەو بارودۆخەی ئێستا، دەیان و سەدان کۆمپانیای تورکیا لەهەرێمی کوردستان و ئێراق کاردەکەن و هاتووچۆدەکەن... ئەگەر تورکیا ئەوڕۆ دەتوانێت قسە لەسەر کەشێکی ئابووری باش بکات، قسە لەسەر بەهێزبوونی دراوی وڵاتەکەی بکات، یەکێك لە یاریدەدەرەکانی تورکیا بۆ ئەو کەشە ئابوورییە باشە، هەرێمی کوردستانی ئێراقە، بەڵام بەداخەوە لەتورکیا دامەزراوەی وەها هەن، خەون بەشەڕ و تێکدانی ئەزمونی هەرێمی

کوردستان دەبینن، هەزاران بڕو بیانوو دێننەوە بۆ ئەوەی ڕێگەیان پێبدرێت، تا هێرش بکەنە سەر هەرێمی کوردستان و ئەوەی کە گەلانی ئێراق و تورکیا ڕۆژانە سوودی لێوەردەگرن، تێکو پێکی بدات".

کاك (پیرە) لەبەرئەوەی خۆی پێشتر فایلچی بووە لەلای ڕژێمی بەعس و ئێستاش تێکەو لێکەیەکی باشی لەگەڵ ناوەندە بەهێزەکانی تورکیا هەیە پێی وایە ئۆجەلان و ( پ ك ك ) ش وەکو ئەو پەیوەندی ژێربەژێر و نهێنیان هەیە.

ئۆجەلانێك زیاتر لە 30 ساڵە لەبەرامبەر ئەو ڕژێمە تێدەکۆشێت و گەورەترین بزوتنەوەی سیاسی و چەکداری ئازادیخوازی دژی ئەو ڕژێمە ئاوا کردووە، ئۆجەلانێك بەهۆی ملکەچ نەبوون و تەسلیم نەبوونی بە تورکیا و هێزەکانی دونیا بەپیلانگێڕییەکی نێودەوڵەتی دەڕفێنرێت و دەخرێتە کونجی زیندانەوە، ئۆجەلانێك کەوا لەسەختترین و دژوارترین دۆخدا ماوەی هەشت ساڵە بەئیرادەیەکی مەزنەوە بەرگری دەکات وخەریکە دادەڕزێ، ئۆجەلانێك خاوەن دەیان کتێبی فەلسەفی و کۆمەڵناس وسیاسی بێت، ئۆجەلانێك کەوا گەلێکی قڕکراو و نکۆڵیکراوی هوشیارکردەوە و خستییە سەرڕێی ئازادی و دیموکراسی و ڕۆژانەش لەنێوچالاکی دایە، ئۆجەلانێکی بەمشێوەیە سەعدی ئەحمەد پیرە فریودەرانە رایدەگەیێنێ کەوا "ئەمر لەجەنەڕاڵەکانی تورکیا وەردەگرێ و ئەمریش بە (پ ك ك) دەدات کەشەڕو ئاژاوە لەسەرسنووری هەرێمی کوردستان بنێتەوە.

بەراستی مرۆڤێك کەمێك ئەقڵ و مەنتیق و ویژدانی هەبێت و بڕێك لەسیاسەت شارەزابێت دەزانێت  چەواشەکارییەکانی (پیرە) چەندە پێکەنیناوین! .
مەگەر هەر جەنابی (پیرە) باوەڕ بەو قسانەی خۆی بکات. چونکە کورد وتەنی (لەدز وایە هەرکەس دزە). لەبەرئەوەی (پیرە) خۆی فایلدارەو کونیەی پاك نەبووەو ئێستاش لەگەڵ تورکیادا بەتایبەتی لەگەڵ ناوەندە شەڕخوازەکانی ناو تورکیا تێکەولێکەیەکی زۆری هەیە و ئەمڕۆ یان سبەی ئەو فایلانەشی هەر ئاشکرا دەبێت، پێیوایە ڕێبەری گەورەترین شۆڕش و بزوتنەوەی ئازادیخوازی کوردیش وەکو ئەوە؟! پەیوەندی ژێربەژێری لەگەڵ تورکیا هەیە، ئەی ئەگەر وایە 23 ساڵە بەشەڕو بەرخۆدان و قارەمانێتی گەریلاکانی پەکەکە لەپای چی؟ تراژیدیاترین دۆخی زیندانی ئۆجەلان لەپای چی؟ قەدەخەکردنی زمان و کولتوورو ناسنامەی کوردان لەپای چی؟؟ کاك (پیرە) ئەوەندە خۆفریودەرو خۆخەڵەتێنەرە پێی وایە هەموو کەس بەو وڕێنەو هستریایەی ئەو باوەڕ دەکات کە دەڵێت: "دەزانین پەکەکە فەرمان لەکێ وەردەگرێت و بۆ شەڕ دەکات و لەسەر چی شەڕدەکات، چۆن شەڕ دەکات و کێ پێویستی بەشەڕی ئەوە، شەڕەکە پێم وایە بۆ یارمەتیدانی عەسکەری تورکیایە بۆ هێشتنەوەی دەسەڵاتیان لەناو تورکیا". ئەگەر یەکێك بڕێك لەئەلفوبای سیاسەت تێبگات دەزانێ ئەو قسانەی پیرە جگە لەدرۆیەکی شاخدارو ڤێزەون هیچی دیکە نییەو نیازی خراپ و گڵاوی لەپشتەوە هەیە کە ئامانج ناوزڕاندن و گومان خستنە سەر پەکەکەو ئۆجەلانەو هیچی دیکە، وەك خۆی دەڵێت: "ئەوجۆرە یاریە زانراوە". ئەمڕۆ خەڵك ئەوەندە ساویلکەو گەمژە نییە بەو بوختان و درۆیانەی تۆ و کەسانی وەك تۆ باوەڕ بکات، خەڵك باش دەزانێ پەکەکە خاوەن چ فەلسەفەو ئایدۆلۆژیاو سیاسەت و تێکۆشانێکە، باش لەگەمە گڵاوەکانی ئێوەش تێدەگات، چونکە هەر لەبنەڕەتدا خەڵك هیچ متمانەی بەسیاستمەدارو بەرپرسی فایلداری وەك ئێوە نەماوە، تا باوەڕ بەو وڕێنەو بوختانە زلانەی ئێوە بکات. (پیرە) یان لەگوێی گا دا نوستووەو ئاگای لەئاستی هۆشیاری خەڵك و ئامرازەکانی گەیاندن و ڕاگەیاندن نییە، یان هەر بەلۆژیکی "درۆ بکە درۆبکە تاخۆت باوەڕ بەدرۆکانی خۆت دەکەیت" لێدەخوڕێ، یانیش گای پیر خەتی جووتی هەر خوارەو بڕایەوە!! یاخود ئەویش لەچوارچێوەی ئەو شاڵاوی ناوزڕاندنەی پەکەکەدا بەشدارەو دەیەوێ ئاستی پۆست و بەرپرسیارێتی خۆی بەفراوانی بخاتە گەڕو چی لەدەست بێت بۆ سەرکەوتنی ئەو شاڵاوە بیکات. ئەگینا (پیرە) یەك خاوەنی فایلێکی سیخوڕی ڕەش بێت و ئەمڕۆش خەریکی پڕکردنەوەی فایلێکی دیکەی ڕەشتر بێت تا چەند دەتوانێت بۆ گەلەکەی بیر بکاتەوەو کاربکات و متمانە بداتە خەڵکیش تا بەقسەو بوختانە بێ بنەماکانی باوەڕ بکەن؟!

بێگومان ئەمڕۆ خەڵکی باشوور سەرەڕای ئەو نەهامەتی و تراژیدیایەی پازدەساڵە بەهۆی سیاسەتمەداری هاوشێوەی (پیرە) تێیدا دەژین؛ بەڵام هێشتا گیانی نەتەوەیی و نیشتمانی کزو کاڵ نەبۆتەوەو گەریلاکانی سەرچیای لەلا زۆر بەرێزو بەهادارترە لەوجۆرە مەسئول و سیاسەتمەدارە گەندەڵ و گەندەخۆرانەی وەك (پیرە)، جا باشە سیاسەتمەدارێك فایلێکی ڕەش و کەسێتییەکی گەندەڵی هەبێت چۆن لەرووی دێت قسە لەسەر گەریلاکان بکات، ئەو گەریلایانەی سەرەڕای هەموو زۆری و زەحمەتییەك و سەرەڕای هەموو هێرش و شاڵاوی داگیرکارانەی تورکیا و سوریا و ئێران ئامادەنین بۆساتێکیش دەستبەرداری ئەرکی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕانەی خۆیان بن و بەوپەڕی قارەمانێتی و دلێرانە هەنگاو بەرەو ئازادی و شکۆمەندی دەنێن. با (پیرە) و هاوشێوەکانی باش بزانن پێڵاوە ڕزیوەکانی گەریلایەك زۆر لەکۆشك و تەلارە بەرزەکانی ئەوان پیرۆز و بەهادارترە.

لەلایەکی ترەوە، ئەوەی سەیرو سەمەرەیە؛ لێدوانە هەڵبژێرکراوو بۆگەنەکانی (پیرە) زۆر لەلێداوانە شۆڤێنیستەکانی تورکیا دوژمنانەترن، بەلایەنی کەم تورکیا پەکەکە بەدوژمنی هەرە سەرسەختی خۆی دەزانێ، کەچی (پیرە) پەکەکە بەدوژمنی گەلی کوردیش دەزانێ.  جاچی لەم گومڕایی و ملهوڕییەی (پیرە) گومڕاترو ملهوڕتر هەیە؟! وەك بڵێی جەنابی (پیرە) خۆی پێ لە تورك تورکتربێت!!.

سەیرکەن کاتێك هەفتەنامەی (میدیا) پرسیاری بڕیاری داخستنی بنکەو بارەگاکانی پەکەکە و ئەوانەی سەربە (پەکەکە)ن لە(پیرە) دەکات، (پیرە)ش زۆر بێباکانەو دوور لەهەر بەهایەکی نەتەوەیی ئەو بڕیارەی حکومەتی عێراقی بە"بڕیارێکی جددی وواقیعی" دەبینێ، ئەگەر(پیرە) کەمێك کەرامەتی نەتەوەیی و پێوانەی دیموکراتی لەلا سەنگین بێت ئەم بڕیارە نا ئینسانیانەیە بەبڕیارێکی جددی وواقعی لەقەڵەم نادات. لەکاتێکدا (پیرە) پەکەکە و ئۆجەلان بەداردەستی تورکیا لەقەڵەم دەدات، کەچی بۆئەم بڕیارەی حکومەت دەڵێت: "بڕیارەکە بۆئەوەیە حکومەتی عێراق خۆی لەناکۆکییەکی ناپێویست لەگەڵ تورکیا دوور بخاتەوە". باشە ئەگەر پەکەکە سەربە تورکیا بێت بۆچی فشاردەخاتە سەرحکومەتی ئێراق تاکو بنکەو بارەگاکانی پەکەکە دابخات و خۆی بە (پ ك ك) نالێت دایبخە؟!.

هەڵبەتە ئەم جۆرە بیرکردنەوەیەی (پیرە) یان لەگەمژەیی سیاسیەوە دێت بێ ئەوەی بزانێت بیرکردنەوەیەکە بە عەقڵی تورکیا و بۆ تورکیا، یاخود کەسێکەو خەڵەفاوەو لەبەر رابواردن و شەوانی سووری خۆی ئاگای لەخۆی نییە چیدەڵێت و چۆن دەڕشێتەوە. بەڕاستی مرۆڤ بەتایبەتی مرۆڤێك بەخۆی بڵێت سیاسەتمەدار ئەوەندە بێ ئەقڵ و بێ مەعریفە نابێت و تا ئەو رادەیەش کەوتوو و بێ پرەنسیب نابێت، وەك ئەوەی (پیرە) تێیکەوتووە.

ئیتر مرۆڤ چەندە لەسەر گومڕاییەکانی (پیرە) بنووسێ هەرکەمە، بەس کورد گوتەنی"ئەوکەسەی کەسە ئەلفێکی بەسە" لەکۆتاییدا دەڵێم: با (پیرە) هەر لەگووپی خۆی بدات و سیر بخوا و زوڕنا بۆدوژمنان لێبدات و رۆژگارێك دێت (پیرە) و (پیرە)کانی ئەم وڵاتە بەر رقوکینی ئەو جام شکێنانە دەکەوێ کە (پیرە) بە(پەکەکە)یی ناویان دەبات، ئیتر رۆژان رۆژی لەدوایەو بەری خۆر بەبێژینگی فایلچی و گەندەڵکاران ناگیرێت.